# خزمەتگوزاری وبیمەی کۆمەلایەتی

## خزمەتگوزاری تەندروستی

لە فینلاند ئەو پەنابەرانەی لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەگەن، هەمان خزمەتگوزاری تەندروستی دانیشتوانانی شارەوانیەکەیان پێشکەش دەکرێت. کاتێک پەنابەران و خیزانەکانیان دەگەنە شارەوانییەکە پشکنینی تەندروستیان بۆ ئەنجام دەدرێت. ئەم پشکنینە بە هاوکاری وەرگێر ئەنجام دەدریت. لەگەڵ پەرستیارەکەد سەبارەت بە ئەگەری نەخۆشیەکانی پێشوتر، دەرمان و کوتان گفتوگۆ دەکرێت. گرنگە ڕەچەتە و ڕاپۆرتی پزیشکی پێشوترت پێ بیت.هەروەها خزمەتگوزاری بنکەی تەندروستی، شێوەی کات گرتن و پارەدان بۆ پەنابەران شی دەکرێتەوە. هەموو کارمەندانی بەشی چارسەری تەندروستی ئەرکیانە زانیارییەکان پارێزراوبێت لایان.

### بنکەی تەندروستی

لە فینلاند هەموو شارەوانییەکان خزمەتگوزاری تەندروستی پیشکەشی دانیشتوانیان دەکەن. بە گشتی لە شارەوانییەکەدا بنکەی تەندروستی هەیە، کە تێیدا خزمەتگوزارییەکان پیشکەش دەکرێن. کاتێک تۆ لە یەکێک لە شارەوانییەکاندا ناونووس کراویت، دەتوانیت خزمەتگوزاری تەندروستی بەکار بهێنیت. کاتێک نەخۆش دەکەویت، لای پزیشک یان پەرستیاری بنکەی تەندروستی، بە تەلەفون یان لە بنکەکە خۆی کات دەگریت. چاوەڕوانی ئەو کاتە بکە کە پێت دەدەن لە شوێنی چاوەڕوانی بنکەکەدا.

### ئیشکگر

ئێواران و کۆتایی هەفتە بنکەکانی تەندروستی داخراون، لە حاڵەتی نەخۆشبوونی کت و پردا لە ئێشکگری بنکەکانی تەندروستیدا چارسەر دەکرێت. بە گشتی ئیشکگری بنکەی تەندروستی لەگەڵ نەخۆشخانەدا ڕێکخراوە. لە کاتی مەترسی گیانیدا تەلەفون بۆژمارەی فریاکەوتن ١١٢ بکە.

### نەخۆشخانەی دایکانی دووگیان

وەک دانیشتوویەکی شارەوانییەکە لە نەخۆشخانەی دایکانی دووگیان دەتوانیت هەموو ڕێنماییەک سەبارەت بە دووگیانبوون و ئەو زانیارییە جیاوازیانەی سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگا بە دەست بهێنیت. لە بنکەکەدا چاودێری باری تەندروستی دایکەکە و گەشەی کۆرپەلەکە دەکرێت. باش وایە کە بە کەمتر لە چوار مانگ پاش سک پڕبوونەکە بۆ یەکەم جار سەردانی پزیشکی بنکەی تەندروستیەکەت بکەیت. هەروەها هانی باوکەکە دەدرێت، کە ئەویش سەردانی نەخۆشخانەی دایکانی دووگیانەکە بکات و بەشداری ئەو چالاکی و ڕاهێنانانە بکات، کە پیش لە دایکبوونی منداڵەکە پیشکەش دەکرێن. شارەوانییەکەت سەر بە چ هەرێمێک بێت، منداڵەکە لەو نەخۆشخانەی هەرێمەکەدا لە دایک دەبێت. هەروەها باوکەکەش دەتوانیت ئامادە بێت لە کاتی لە دایک بوونی منداڵەکەدا.

### چارەسەری ددان

وەک دانیشتوویەکی شارەوانیەکەت، دەتوانیت سوود لە خزمەتگوزاری گشتی بۆ ددان وەربگریت. شارەوانییەکان خزمەتگوزاری چارسەری ددانەکان لە بنکەکانی تەندروستی وچارەسەری ددان پیشکەش دەکەن.

### دەرمانخانە

لە فینلاند پزیشکەکان بریار لەسەر دەرمان دەدەن بۆ چارەسەری نەخۆشی. پزیشکەکە ڕەچەتەی دەرمانت پێ دەدات و لە دەرمانخانە (صیدیلیە) دەرمانەکانت وەردەگریت و پارەکەی دەدەیت. ئەگەر نەخۆشییەکی درێژخایەنت هەیە ئەوا ڕەچەتە کۆنەکان لەگەڵ خۆت دەهێنیت لە کاتی سەردانی پزیشکدا.

## بیمەی کۆمەڵایەتی

وەک دانیشتوویەکی شارەوانییەکەت مافی بیمەی سۆسیالت هەیە لە فینلاند. بیمەی سۆسیال بریتییە لەو کۆمەکی خزمەتگوزاری و هاوکاریانە لە بارودۆخی جیاوازی ژیاندا. کێلا، واتە دەزگای خانەنشینی گەل، لە هەموو بابەتە جیاوازەکانی بیمەی سۆسیال خزمەتی هەموو دانیشتوانانی شارەوانییەکە دەکات.

### دڵنیایی کۆمەڵایەتی بۆ کۆچبەران

دڵنیایی کۆمەڵایەتی بۆ کۆچبەران بەگوێرەی بارودۆخی ژیانیان دانراوە بە هەمان ئەو شێوازەی کە بۆ فنلەندیەکانیش هەیە. بێکار ئەبێ چالاکانە بەدوای کاردا بگەڕێت و دەبێت ڕێنماییەکانی پلانی ئاوێتەبوونی کۆچبەران لە کۆمەڵگادا کە بەیەکەوە لەگەڵ نووسینگەی کار و پەرەپێدانی ئابووری (TE-toimisto) دایانڕشتوە جێبەجێ بکات. بەم شێوەیە هاوکاری بازاری کار یان پارەی بێکاری پێ ئەدرێ .

ئەو کەسەی ئامادەیی تیادا نییە لە بازاری کاردا بەشداربێت بۆ نموونە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن، کەمئەندامی یان دووگیانیەوە ئەکرێ داوای هاوکاری گونجاو لەگەڵ دۆخە تەندروستیەکەی خۆیەوە بکات. ئەو کەسەی کە تەمەنی ٦٥ ساڵی تەواو کردووە و سێ ساڵ لە وولات دا ژیاوە ئەتوانێ داوای مووچەی خانەنشینی بۆ گەورساڵان لە دەزگای دڵنیایی کۆمەڵایەتی کێلا (Kela) وە بکات .

لە فنلەندا هاوکاری ژیان گوزەراندنیش هەیە بۆ دابینکردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ خەڵک کە نەبەستراوەتەوە بە دۆخی تایبەتی کەسەکانەوە. هاوکاری ژیان گوزەراندن بژاردەی دوایینی هاوکاریەکانە، بەو مانایەی کە ئەمەشیان ئەتوانرێ وەربگیرێ دوای ئەوەی هاوکاریەکانی تر داواکراون وەیان ئەگەر بە هاوکاریەکانی تر خەرجی پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان پڕ نەکرێتەوە، ئەمەشیان کەم ئەبێتەوە کاتێک ئەم کەسە بۆ نموونە مووچە وەرئەگرێت وەیان هاوکاری تر لە کێلا وەرئەگرێت .

هەموو هاوکاریەکان لە کێلا وە داوائەکرێن .

### خزمەتگوزارییەکانی کێلا

کەسی کۆچکردوو مافی هەیە بە داواکارییەک (عەریزە) داوا بکات بێتە سەر بیمەی سۆسیالی فینلاند. دەبێت ئەم داواکارییە لە نزیکترین نووسینگەی کێلا پڕبکرێتەوە. کاتاێک وەڵامی بڕیاری داواکارییەکە دێتەوە، کەسی کۆچکردوو کارتی کێلای پێ دەدرێت، کە تایبەتە بە خۆی و مافی پێ دەدات بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی کێلا پێشکەشی دەکات. خزمەتگوزارییەکانی کێلا بریتییە بۆنمونە لە کۆمەکی خێزان، بێکاری، خاوەن پێداویستی تایبەت و خانەنشین. ئەم خزمەتگوزاریانە بە شەخسی داوا دەکرێن و کۆمەکەکە دێتە سەر ژمارە بانکی تایبەت بە کەسەکە خۆی.

## زانیاری سەبارەت بە بیمەی سۆسیال

لە نوسینگەی کێلای ناوچەکەت و نووسینگەی سۆسیال و ماڵپەڕی ئنتەرنێتی کێلا دەتوانیت زانیاری سەبارەت بە بیمە کۆمەڵایەتییەکان بە دەست بهێنیت .لە چەند شارەوانییەکدا بۆ کۆچبەرانی نوێ کۆبوونەوە بۆ زانیاریدان سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان و بیمە کۆمەڵایەتییەکانی شارەوانییەکە ڕێک دەخریت.بۆ ئەوەی زانیاری تەواو بە دەست بهێنیت، وەک کەسێکی بیانی گرنگە بەشداری تێدا بکەیت. هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کاری بیانی دەکەن، لەگەڵ ئەو بیانیانەی ماوەیەکی درێژترە لە فینلاند دەژین، ڕێنمایی پەنابەرانی نوێ دەکەن لە پەیوەند بە ژیانی ڕۆژانەوە.